# کۆمسیۆن: تا ئێستا ٦٢٧ کاندید بە هۆکاری جیاواز دوورخراونەتەوە



کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق دەڵێت، لە کۆتایی ئەم مانگەدا جارێکی تر تاقیکردنەوە بە ئامێرەکانی دەنگدان ئەنجامدەدرێت. دەشڵێت، تا ئێستا ٦٢٧ کاندید بە هۆکاری جیاواز دوورخراونەتەوە.

ئەمڕۆ دووشەممە ٢٥ـی ئابی ٢٠٢٥، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق بڵاویکردەوە، سێیەمین تاقیکردنەوەی ئامێرەکانی دەنگدان لە هەشت هەزار بنکەی دەنگدان ئەنجام دەدرێت لە سەرانسەری وڵاتدا ئاماژەی بەوەشکرد، تیمەکانیان بەردەوامن لە وردبینیکردن بە کاندیدەکان و ٤٢ کاندید دیکە دورخراونەتەوە و دەشڵێت، تاوەکو ئێستا ٦٢٧ کاندید بە هۆکاری جیاواز دوورخراونەتەوە.